زانکۆی گەرمیان
University of Garmian

# زەمینە و هۆکارەکانی شۆرشی بەهرامی شەشەم لە سەردەمی ساسانیەکاندا (٥٨٩-٥٩١ز)

**بەهرام عبداللە دلپاک ،علی احمد حسن**
بەشی مێژووی، زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

بەهرامی شەشەم  لە هۆزی مێهران سەر بە بنەماڵەی ئەشکانی یەکێک لە سەرکردەکانی دەسەڵاتی ساسانی لە سەردەمی پاشا هۆرمزی چوارەم بوو. پاش ئەوەی وەکو فەرماندەی گشتی سوپای ئێران لە جەنگ دژ بە تورکەکان لە رۆژهەلاتی ئێران سەرکەوت ، لە سالی(٥٨٩ز) شۆرشی کرد. ئەم شۆرشە لە مێژووی سەردەمی ساسانیدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە چونکە ئەم شۆرشە بە پێچەوانەی شۆرشەکانی تر نە تەنها لە دەرەوەی بنەماڵەی ساسانیەوە رووی دا و تا رادەیە سەرکەوتوو بوو، بەلکو بەهرام توانی بۆ ماوەیەکی کورت بە دەسەلات بگات ولە هەمووی گرنگتر  توانی چالگە بۆ دەسەلاتی دوو لە پاشاکانی ساسانی دروست بکات. کە لە ئەنجامدا کوژرانی هۆرمزی چوارەم و هەلهاتنی پاشا خەسرەوی دووەم(پەرویز) بەرەو ئیمپراتوریەتی رۆمای لێ کەوتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەی ئەوێت تا بە سودوەرگرتن لە سەرچاوەکان و بە رێبازێکی وە سفی شیکاری کاریگەری چاکسازیەکانی سەربازی خەسرەوی یەکەم لە سەر پێکهاتەی سیاسی و کومەلایەتی ساسانیەکان هەلسەنگێنێت، هەروەها بە شی کردنەوەی بارۆدۆخی ناوخۆیی ساسانی هۆکارەکانی گۆرینی سیاسەتی هۆرمۆزی چوارەم سەبارەت بە خانەدانەکان و ئەشراف تاوتوێ بکات و لەم سۆنگەوە هۆکار و زەمینەکانی ئەم شۆرشە لێک بداتەوە.

کلیلی وشەکان: ساسانیەکان، بەهرامی شەشەم، شۆرش، چاکسازی، خەسرەوی یەکەم،هۆرمۆزی چوارەم

**پێشەکی**

بە چاو خشاندنێک بە مێژووی شۆرشەکانی سەردەمی ساسانی دەرک بەوە دەکەین کە زۆربەی ئەم شۆرشانە کۆمەلە جەنگێکی ناوخۆیی لە سەر دەسەلات بووە کە لە چوارچێوەی دەسەلاتی ساسانیەکان رووی داوە. ئەم شۆرشانە هەندێ جار بۆ بەرگری کردن لە مافی رەوای شازادەیەک رووی دەدا و هەندێک جاریش بە پەیرەوی کردن لە یاسای ساسانیەکان کە کوری گەورەی پاشا شیاوی جێنشینی بوو بەرێوە دەچوو. بەم پێیە ئەم شۆرشانە چونکە لە ناوخۆی دەسەلاتی ساسانیەکان رووی دەدا لەگەل پرەنسیبە شەرعی و رەوایەکان و هەروەها یاساکانی دەولەتی ساسانی هیچ ناتەبا نەبوو. چونکە بە پێی نەریت و یاساکانی ساسانی کەسێک دەبوو بە پاشا کە لە بنەماڵەی ساسانیەکان بێت؛ و فەرەی(شکۆ)ی ئێزەدی لە کەسێک دەنیشتەوە کە لە رەچەلەکی ساسان دامەزرێنەری ساسانیەکان بێت. دەتوانین بلێین تا کۆتاییەکانی دەسەلاتی شاپوری دووەم هیچکام لە خانەدانەکۆنەکان بۆ پلە و پایەی دەسەلات مەترسیەکیان بەدی نەهێنا؛ بەلام بە مردنی ئەم پاشا تا بە دەسەلات گەیشتنی خەسرەوی یەکەم( ئەنوشیروان) جارێکی دیکە دەرەبەگەکان بەهێز بوون و بە دوای بە دەست هێنانی پێگە و جێگای دیرینی

خۆیان لە دام و دەزگای ساسانی بوون. بەلام خەسرەوی یەکەم بە سود وەرگرتن لە فێلی بزوتنەوەی مەزدەک توانی ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت ئەوان لە سەر جێگای خۆیان دامرکێنێت.[1] بەلام لە کۆتایەکانی سەدەی شەشەم ز، بە جۆرێک دەسەلاتی ساسانیەکان رەوایی و شەرعیەتی خۆی لە دەست دا و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای ساسانی لە خانەدانی مێهران سەر بە بنەمالەی ئەشکانیەکان دژ بە هۆرمۆزی چوارەم پاشای ساسانی شۆرشی کرد و بۆ ماوەیەک توانی دەسەلات بە دەستەوە بگریت.

ساسانیەکان بەم هۆیەوە کە میراتگری سیستەمی کۆنی دەرەبەگایەتی بوون کە لە ئەشکانیەکان بۆیان بە جێ مابوو و بە یارمەتی ئەم دەرەبەگانە بوو کە بە دەسەلات گەیشتبوون؛ هەولیان دەدا تا هەموو توانای خۆیان بخەنە گەر و لە نفوز و دەسەلاتی ئەوان کەم بکەنەوە کە لەمپەر بوون بۆ بەهێز بوونی دەسەلاتی ساسانیەکان. ئەگەرچی لە سەرەتاوە ساسانیەکان لەم کارەدا سەرکەوتوو بوون و خەسرەوی یەکەم توانی1 بە سودوەرگرتن لە چاکسازیەکانی کە ئەویش خۆی دەرەنجامی بزوتنەوەی مەزدەک بوو ئەم کێشانە چارەسەر بکات؛ بەلام گۆرانکاریە ناوخۆیەکانی دەولەتی ساسانی و شکست و بە ئاکام نەگەیشتنی سیاسەتە دەرەکیەکان لە سەردەمی جێنشینەکانی خەسرەوی یەکەم(نەوشێروان) کە دەتوانرێت تەعبیرێک لە ئەنجامی چاکسازیەکانی ئەو لە قەلەم بدرێت، شۆرشی بەهرامی شەشەم دژ بە پاشای ساسانی لێکەوتەوە و پیشانی دا کە ئەم چاکسازیانە بۆ ماوەیێکی زۆر ناتوانرێت بەردەوام بمێنن؛ و ئەم شۆرشە لە راستیدا خالی کۆتایی بە چاکسازیەکانی ئەو لە ئەژمار دەدرێت .[2] [11]ئەمەی کە بەهرامی شەشەم بۆچی دژ بە دەسەلاتی ساسانی شۆرشی کرد؟ زەمینەکان و فاکتەرەکانی شۆرش چی بوون؟ پرسیارێکە کە لەم توێژینەوەیەدا پێ دەگەیین. بەلام وەلامی سەرەکی ئەم پرسیارە دەبێت لە بارودۆخی نالەبار و شلەژاوی ناوخۆیی و گۆرانکاری لە پێکهاتەی سیاسی، سەربازی و کۆمەلایەتی ساسانیەکان پاش چاکسازیەکانی خەسرەو ئەنوشیروان هەروەها کەسایەتی و رەفتاری سیاسی هۆرمۆزی چوارەم بدۆزینەوە وەک هۆکارەکان و زەمینەکانی ئەم شۆرشە. چونکە هۆکارە دوورەکان زەمینەیە فەراهەم دەکەن تا هۆکاری نزیک وەکو خالی دەسپێکی رووداوی نوێ لە بەرچاو بگرین.

## چاکسازیەکانی سیاسی و سەربازی خەسرەو ئەنوشیروان و ئەنجامەکانی

خەسرەوی یەکەم کاتێک کە دژ بە مەزدەک دەسەلاتی بە دەستەوە گرت نە تەنها دەسەلاتی ئەشراف و خانەدانەکانی نەگەراندەوە بەلکو لە دەسەلاتیشیانی کەم کردەوە و لە باتی ئەوان دەسەلاتی بەخشی بە ئەشرافە بچوکە خاوەن زەمینەکان کە لە سەرچاوەکانی فارسی ناوەراست و هەروەها لە سەرچاوە عەرەبیەکاندا بە دێهقان( سەرکار) ناسراون. سەرکارەکان نە تەنها ئەستونی سەرەکی هێزی سەربازی ساسانیەکان بوون بەلکو گرنگیان لەوەدا بوو کە وەکو راسپاردەی دەولەت باجیان کۆ دەکردەوە.[3] سیاسەتی لاواز کردنی ئەشرافە کۆنەکان بێ گۆمان بوو بە هۆی بە هێز بوونی دەسەلاتی پاشا وحکومەتی ناوەندی و ئەشراف و خانەدانەگەورەکان لەم چاکسازیانە بە توندی خەساریان بینی چونکە

---

[1] - مرتضی‌راوندی، تاریخ اجتماعی ایران، تهران، انتشارات نگاه، 1382، ص ٦٣٢.

[2] - ا.ای ، کولسنینکوف ، ایران در آستانه یورش تازیان، ترجمه م.ر. یحیایی، تهران، انتشارات آگاه، ٢٥٣٧، ص131.

. 1- T.Daryaee, The political History of Iranshahr(224-651 CE), sasnika2 2008,,p 138.

هەموو چینەکان بە تایبەتی جوتیارەکان و زەمیندارەکان لە خەسرەو ئەنوشیروان پالپشتیان دەکرد.[4] لە راستیدا دەتوانین بلێین کە بزوتنەوەی مەزدەک هۆی سەرەکی زۆربەی لە گۆرانکاریەکان بوو کە لەم سەردەمەدا بەدی هاتبوو. ئەم بزوتنەوە نە تەنها پێگەی زانا ئاینیەکانی زۆرتر لە پێش لاوازتر کرد بوو بەلکو لە روی دارایی و دەسەلاتی ئیداریەوە زەربەیەکی قۆرس و تۆندی بە سەر بنەماڵە و خانەدانە کۆنەکانی هێنا بوو. خەسرەو ئەنوشیروان ئەگەری هەیە لە ئایدۆلۆژیای کۆمەلایەتی مەزدەک، بۆ سەرکوت کردنی دەسەلاتی روڵە زیادی ئەشراف و خانەدانەکان وکارا کردنی هێزی لاواز و پوکاوی ساسانی سودی بینیبێت. تاوەکو هێزی روڵە لاوازی دام ودەزگای دەوڵەتی ساسانی جارێکی تر ببوژێتەوە.[5]

یەکێک لە گرنگترین چاکسازیەکانی خەسرەوی یەکەم دابەش کردنی ئیمپراتوری بە چوار زۆن بوو. کە زۆرتر ئامانجێکی سەربازی و بەرگرانەی بوو بەم پێیە خەسرەو پلەوپایەی ئێران سوپابۆد واتە فەرماندەی هێزی گشتی ئێرانی لادا و ئەم پۆستەی نێوان چوار سوپابۆد یان چوار فەرماندەی سەربازی بە پێی چوار ئاراستەی جۆگرافیایی دابەش کرد. پێویست بە ئاماژەیە کە پلەوپایەی ئێران سوپابۆد ماوەێکی زۆر نە بوو کە بەدی هاتبوو چونکە ئەم پۆستە لە سەرەتای دەولەتی ساسانی بوونی نەبووە و ئەگەری زۆرە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانیەکان بەدی هاتبێت.[6] دەسەلاتی سوپابۆدی(فەرماندەی) نوێ لە چاو ئێران سوپابۆد(فەرماندەی هێزی گشتی) ئەگەرچی لە روی قەلمرەو و سنوری دەسەلاتەوە کەم کرابووەوە بەلام لە راستیدا دەسەلاتی لە ئێران سوپابۆد زۆرتر بوو چونکە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی فەرمانرەوای رەها بوو.[7] بەخشینی سەربەخۆیی و ئیدارەی سنورەکان بە فەرماندەکانی سەر سنور لە ئەنجامدا لە چوارچێوەی شۆرش لە لایەن بەهرامی شەشەم خۆی پیشان دا چونکە بە هۆی دوری لە ناوەندی دەسەلات سوپا زۆرتر بە فەرماندەوە وابەستە بوو تا شەخسی پاشا. خەسرەوی یەکەم ئەگەرچی لە روکەش دا بە پێی ئەو چاکسازیە سیاسی و سەربازیە کە ئەنجامی دا حکومەتێکی ناوەندی پێکهێنا و توانی تا رادەیە لە دەسەلاتی ئەشراف کەم بکاتەوە؛ بەلام لە راستیدا خەسرەو ئیمپراتوریەکەی بە پێی هەمان سیستەمی کۆنی ساسانیەکان دارشتەوە واتە هەمان یەکیەتی ساسانیەکان لەگەل بنەماڵەی ئەشکانی بەم پێیە هیچ گۆرانکاری لە دەسەلاتی بنەماڵەکانی ئەشکانی بەدی نەهات.

ئەو خانەدانانە کە لە درێژەی مێژووی ساسانی یادیان لێوە کراوە لە ئەستونەکان و کۆلەکەی سەرەکی دەولەتی ساسانی لە ئەژمار دەدرێن؛ کە پاش بنەماڵەی گەورەی ساسانی بەرزترین جێگا و پلەوپایەیان بوو لە سیستەمی سیاسی و ئیداری ساسانیەکان. ئەم بنەمالانە بە هۆی رەچەلەک و جێگایەکی تایبت کە سەر بە ئەشکانیەکان بوویان خۆیانیان هەندێ جار سەرتر لە ساسانیەکان دەزانی ئەگەری هەیە یەکێک لەوهۆکارەکانە کە بنەماڵەی مێهران و لە سەروی هەموویانەوە بەهرامی شەشەم دژ بە دەسەلاتی

---

[2]-م.م ، دیاکونوف،تاریخ ایران باستان، ترجمه، روحی ارباب، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی،۱۳۸۰.ص ۳۵۰

[5] ـ نینا ویکتورنا، پیگولوسکایا و دیگران، تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی، ترجمه کریم کشاورز، تهران، انتشارات پیام، ۱۳۵۳، ص ۱۰۵ ؛ و شیرین، بیانی، دین و دولت در عهد ساسانی و چند مقاله دیگر، تهران، انتشارات جامی، 1380، ص ٦١-٦٢

4- Tafazzoli, Ahmad, Sasanian society,Ehsan Yarshater,Distinguished Lecture in Iranian studies,Bibilotheca persica press.New york,2008, p 8.

[7] ـ کولسنیکوف، ایران در آستانه یورش تازیان، ص 131.

ساسانی شۆرشی کرد ئەم پرسە بووبێت.[8] ئەگەر چی ساسانیەکان بە هاوکاری ئەوان و پشت بەستن بە هێزی ئەوان توانیان بە حکومەت بگەن؛ بەلام لە هەمان سەرەتای دەسەلاتیانەوە هەولیان دا تا ئەوان لە وابەستە بوونیان سەبارەت بە سەرزەوی و مال وملک و دارایی خۆیان کەم بکەنەوە و ئەوان لە ناوەندی دەسەلات دوور بخەنەوە. ئەم سیاسەتە لە درێژخایەندا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە و ساسانیەکان نەیان توانی بە باشی بە سەریان دا چاودێری بکەن و بەرە بەرە پەیوەندیان لەگەل حکومەتی ناوەندی کەمتر دەبوو.

لە سەردەمی جێنشینانی خەسرەو ململانێ نێوان ئەریستۆکراتەکان و پاشا دوبارە دەستی پێ کردەوە. ئەم ململانێ لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە خەسرەوی یەکەم ئێرانی نێوان چوار سوپابۆد (فەرماندە) دابەش کردبوو و هەریەک لەوان ئیدارەی یەک لە چواری ئیمپراتوری لە ئەستۆوە بوو و رێگەیان پێ درابوو کە کاری باج سەندیش خۆیان لە ئەستۆوە بگرن و بەشێک لە باجی ئەو سەرزەمینانە بۆ راگرتنی سوپا هەلبگرن؛ و ئەمەش فەرماندە سەربازیەکانی وە بیری تاج و تەختی دەسەلات و هەروەها شۆرش دەخست.[9] ئەو پاشانە کە پاش خەسرەوی یەکەم بە دەسەلات گەیشتن ئەو نەریتە کۆنە کە خۆیان لە جەنگەکان بەشداری بکەن هەلوەشاندەوە و ئەمەش لە بەرژەوەندیاندا نەبوو چونکە سەربازەکان خۆیان زۆرتر بە فەرماندەکانیان وابەستە دەزانی تا پاشایەک کە چەندەها فەرسەخ لێیانەوە دوورە بە تایبەتی کاتێک کە فەرماندەکەیان کەسێکی لێهاتوو و زیرەک و بوێر بووایە و چونکە پاش چاکسازیەکانی خەسرەو رێژەی سەربازەکان زیادی کردبوو هەر کات سوپابۆد یا فەرماندەیەکی سەربازی هەست بە هیز و توانایی زۆری دەکرد؛ بە ئاسانی خۆی بۆ شۆرش و جەنگێکی ناوخۆیی ئامادە دەکرد.[10] لە لایەکەوە چینی ئەشراف و خانەدانەکان دەبێت هاندەری سەرەکی ئەم شۆرشە لە قەلەم بدەین؛ چونکە ئەم چینە پاش بزوتنەوەی مەزدەک و چاکسازیەکانی خەسرەو ئەنوشیروان لە بازنەی دەسەلات دوور کەوتبونەوە بەلام خەسرەو بە زیرەکی توانی بووی ئەوان لە ژێر کۆنترۆلی خۆیدا بهێنێت و تا رادەیەک دلیان بە دەست بهێنێت و لە خۆی رازیان بکات. بەلام هۆرمۆز توانایی و زیرەکی و سیاسەتی باوکی نەبوو و خانەدانەکان دەیان ویستدەسەلاتی پێشووی خۆیان بە دەست بهێننەوە بۆیە روبەروی شۆرشی ئەم چینە بوەوە کە ئەنجامەکەی کوژران و لە ناوچونی لە سەر کورسی دەسەلات بوو.[11]

### هۆرمۆزی چوارەم و خانەدانەکان

هۆرمۆزی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ز) کوری خەسرەو ئەنوشیروان کاتێک بە دەسەلات گەیشت کە باوکی لەگەل ئیمپراتۆریەتی رۆما پەیمانێکی ئاشتەوایی درێژخایەنی بەستبوو. دایکی هۆرمۆز بە ناوی کایەن کچی خاقانی تورک بوو و پێشینە و رەچەلەکێکی پاک و نەجیبی نەبوو؛ بۆیە بێ رەحمی و رەفتارە

---

[8] - علی اکبر، کجباف و دیگران، نقش خاندان مهران در تحولات سیاسی ایران در دوره ساسانیان، تهران، دوفصلنامه پژوهشنامه تاریخهای محلی ایران، سال سومٍ، سال دوم،1392، ص180-192؛ و محمد مهدی، ملایری، تاریخ و فرهنگ ایران در دوران انتقال از عصر ساسانی به عصر اسلامی، تهران، انتشارات توس،1379،ص241.

1- Wiesehofer,Josef, Ancient Persia from 550 BC to 650 AD. I.B. Tauris publishers. London& New York, 1996, p174.

[10] - آرتور، کریستن سن، وضع ملت و دولت و دربار در دوره ی شاهنشاهی ساسانیان، ترجمه مجتبی مینوی، تهران، کمیسیون معارف، ١٣١٤، ص 129.

[11] - آرتور، کریستن سن، ایران در زمان ساسانیان،ترجمه رشید یاسمی،تهران، دنیای کتاب، ١٣٦٨، ص ٥٧٧-٥٧٨؛ و مرتضی راوندی،ص ٦٣٦.

خراپەکانی هۆرمۆز دەگەڕێننەوە بۆ بنەماڵەی دایکی.[12] بەم پێیە دەربارەی کەسایەتی و ڕەفتاری هۆرمۆزی چوارەم کۆمەڵێ بیرۆکەی جۆراجۆر گلالە کراوە. هەندێک لە سەرچاوە ئیسلامیەکان وەکو نەریتێ هۆرمۆزی چوارەم مەدح و ستایەش دەکەن ودەڵێن کە کەسایەتی و شێوازی هەڵسوکەوتی چووەتە سەر باوکی بە تایبەتی ڕەفتارێ کە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی و چینی فەقیر و هەژاری کۆمەڵگا بووی و هەروەها مەسیحیەکانی ناو ئیمپراتۆری ساسانیش بە بۆنەی لێبوردەیی لە مەزهەبدا خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت.[13] و لەو جەنگانە کە پاش کۆژرانی هۆرمۆز لە نێوان بەهرامی شەشەم وەکو بانگەشەکاری دەسەلات و خەسرەوی دووەم ڕویدا مەسیحیە نەستوریەکانی[14] نێشتەجێی ئێران بێ لایەن بوون و پالپشتیان لە بەهرام نەکرد و بەم جۆرە هەلوێستی خۆیان لە بەرامبەر بەهرام پیشان دا.[15] بەلام بە چاوخشاندنێک بە بارودۆخی ناوخۆیی ئێران و ئەو گۆرانکاریانە کە لە پێکهاتەی سەربازی و سیاسی کۆمەلگای ئەو کاتەی ساسانی بەدی هات دەتوانین بە باشی لە تێروانین و ڕەفتاری سیاسی هۆرمۆز تێبگەین. هۆرمۆز بە نیاز بوو سیاسەتەکانی باوکی پەیرەو بکات و بە سەر دوو چینی زانا ئاییینیەکان و هەروەها خانەدانەکان زال بێت. بەلام ئەو وەکو باوکی زیەرک نەبوو و خێرا تووشی کێشە و گرفت لەگەل ئەم دوو چینەی دەسەلاتدارە بوو. ئەو هەولیدا کە بە نزیک بوونەوە لە مەسیحیەکان پێگەو جێگای خۆی بەهێز بکات بەلام ڕووبەرووی بەرهەلستی و کاردانەوەی توندی زانا ئاییینە زەردەشتیەکان بووەوە.[16] لە ڕاستیدا هۆرمۆزی چوارەم کاتێ گەیشتن بە دەسەلات ئەو توانا و کارئامەیەی باوکی بۆ ئیدارە و کۆنترۆل کردنی ولاتی نەبوو تا بە سیاسەت و لێهاتوویی خۆی دراوسێکان و ئەو دوژمنانە کە هێرشیان دەکردە سەر سنورەکان لە ئێران دوور بخاتەوە. هۆرمۆز لە هەمان سەرەتای دەسەلاتەوە هەولی دا تا لە نفوزی ئەشراف و خانەدانەکان و تەنانەت زانا ئاییینیەکان کە بنەما و ئەستونی دەولەتی ساسانیان پێک دەهێنا کەم بکاتەوە. هۆرمۆز بۆ ڕوبەروبوونەوە لەگەل ئەوان پشتی بەستە دەرەبەگە بچوکەکان و لە مەسیحیەکان کە لە شارەکانی ئێراندا پەرتەوازە بووبوون لایەنگری کرد. کە لە ئەکامدا ڕووبەرووی شۆرشی خانەدانەکان و ئەشراف بوویەوە[17]. هۆرمۆز لە خانەدانەکان و ئەشراف و گەورە پیاوەکان سێزدە هەزارو سێ سەد کەسی کوشت و ژمارەیەکی زۆریشی لە زیندان خست.[18] ئەم ڕێژەیە ئەگەرچی لە جێگەی خۆیدا سەرسورهێنەرە بەلام تۆند بوون و دیکتاتۆر بوونی هۆرمۆزی چوارەم

---

[1]- Sebeos, The Armenian History attributed to Sebeos. Translated and Notes by R. W. Thomson. Historical commentary by J. Howard-Johnston. Assistance from Tim Greenwood. 2 vols. Liverpool university press. P14.and T.Daryaee, The political History of Iranshahr(224-651 CE), p41.

2-R.N, Frye, The political History of Iran under the Sasanian, from Camberidge History of Iran. Ed. E. Yarshater, vol.3(1), 1983,p162.

[14] - مەسیحیەکانی نەستوری بروایان وابوو کە لەناو وجودی عیسا دوو کەسایەتی و دوو سروشت هەیە واتە هەم مرۆڤی و هەم خوایی بەم جۆرە لە سەردەمی فەیروز لە کلێسای بیزە نت جیا بوونەوە. بروانە ریچارد فرای، تاریخ ایران کمبریج، از سلوکیان تا فروپاشی ساسانیان، ج٣، ل ٢٤٨.

4- Omid, Montazeri,Investigation the Condition of Iranian Christians during of Khosrow 2 the King of SasanianJournal of Advances in Natural and Applied Sciences, 9(8), 2015. pp. 84-87.

[4]- R.Ghrishman,Iran from the Earliest Times to the Islamic Conquest.Oenguin Books, Paris,1978, pp 305-306.

[17] - ا. ا. گرانتوسکی و دیگران، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه کیخسرو کشاورزی، تهران، انتشارات پویش، ١٣٥٩، ص 170.

[18] - محمد بن جریر، طبری، تاریخ طبری، ترجمه ابوالقاسم پاینده، ج2، تهران، انتشارات اساطیر،١٣٧٥، ص٧٢٥؛ وابن اثیر، تاریخ کامل بزرگ اسلام و ایران، ترجمه عباس خلیلی و ابوالقاسم حالت، ج ٥، تهران، موسسه مطبوعات علمی،1371، ص١٤٢؛ و احمد ابن علی ابن، مسکویه، تجارب الامم،ترجمه ابوالقاسم امامی و علی نقی منزوی، تهران، انتشارات سروش،١٣٦٩، ص187.

سەبارەت بە خانەدانەکان پیشان دەدات. ئەو وەکو باوکی نەیتوانی چینی ئەشراف و زانا ئایینیەکان لە خۆی رازی بکات؛ لە ئەنجامدا خۆی گیرۆدەی دوژمەنایەتی ئەوان بوو و ئەمەش خۆی زەربەیەکی قورس بە سەر دەولەتی ساسانیدا داهێنا بە جۆرێکە هۆرمۆز گیانی خۆی لە سەر ئەم رێبازە بەخت کرد. چونکە ئەشراف و بنەماڵە کۆنەکان کە بەر رق و قینی هۆرمۆز کەوتبوون سەرەرای ئەوە کە لە هێز و توانایەکی زۆر سودیان دەبینی بە هەمان رادە لایەنگر و پشتیوانێکی بەهێزیش بۆ دەولەتی ساسانی لە ئەژمار دەدران.[19]

**جەنگ لەگەل تورکەکان و شۆرشی بەهرامی شەشەم**

بەهرامی شەشەم یەکێک لە فەرماندە سەربازیەکان و شازادەکانی سەر بە شاری رەی بوو. ئەو لە سەردەمی ئەنوشیروان تاوەکو سەردەمی هۆرمۆزی چوارەم حاکمی ئەیالاتی ئەرمینیا و ئازەربایجانی لە ئەستۆوە بوو. بەهرام لە خانەدانەکانی مێهران سەر بە بنەمالەی ئەشکانی بوو. و رەچەلەکی خۆی لە ساسانیەکان کۆنتر و باشتر دەزانی.[20] پێویست بە ئاماژەیە کە خانەدانی مێهران یەکێک لەو حەوت خانەدانەی سەردەمی ساسانین کە رۆلێکی بەرچاویان لە بە دەسەلات گەیشتنی ساسانیەکان بوو و لە روی سیاسی و ئیداری پلەوپایەی گرنگیان لە ناو دام ودەزگای حکومەت بوو. یەکەم ناوێک کە لەم خانەدانە لە مێژوو دەبینیین ئەرشتات ناوێکە کە لە بەردەنووسی کەعبەی زەردەشت لە سەردەمی شاپوری یەکەم ئاماژەی پێکراوە.[21] تیئوفیلاکت دەلێت: کە بەهرامی شەشەم پێشتر یەکێک لە ئەندامەکانی پاسەوانەکانی شەخسی پاشا بوو و پاشان بوو بە فەرماندەی سوپا و بەردەوام لە لەشکرکشیەکانی خەسرەو کوری قوباد بەشداری دەکرد.[22] لە راستیدا لوتکەی دەسەلاتی خانەدانی مێهران لە ناو حەوت خانەدانی گەورەی ساسانیدا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی فەیرۆز. ئەم پاشایە کاتێک کە بە دەسەلات گەیشت لەگەل کچی یەکێک لە گەورە پیاوانی بنەمالەی مێهران هاوسەرگیری کرد و ئەم هاوسەرگیریە زۆرتر لە پێشوو دەسەلاتی ئەوانی زیاد کرد. بە پێی راپۆرتەکانی سەرچاوە ئەرمەنیەکان ئەم خانەدانە لە دۆستانی پاشا و نزیکترین کەس بە شەخسی پاشا بوون؛ ئەوان نە تەنها دەسەلاتی پاشایان لە کۆنترۆل گرتبوو بەلکو لە بە دەسەلات گەیاندنی بەلاش (٤٨٨-٤٨٤ز) پاش مردنی فەیرۆز رۆلێکی گرنگیان بوو. و لە سەردەمی قوبادیش توانیان بە لە ناودانی خانەدانی قارن، قوباد پاشای ساسانی لە ژێر فشاری ئەوان رزگار بکەن.[23]

لە سەردەمی هۆرمۆزی چوارەم بیانیەکان لە هەر لایەکەوە ئێرانیان بەر ئامانجی هێرشی خۆیان دابوو. خەسرەو ئە نوشیروان توانی بووی لەگەل ئیمپراتۆری بیزەنت لە رۆژئاوا و تورکەکان لە رۆژهەلات پەیمانی ئاشتەوایی درێژخایەن واژۆ بکات. بەلام بە مردنی ئەو ئەم سازانەش کۆتایی پێ هات. ئیمپراتۆری بیزەنت لە بەرەی رۆژئاواوە هێرشی کردە سەرسنورەکانی ئێران و لە بەرەی رۆژهەلاتیشەوە

---

[19] ـ محمد مهدی، ملایری، تاریخ و فرهنگ ایران در دوران انتقال از عصر ساسانی به عصر اسلامی،ص٢٤٢.

1- T.Daryaee,Sasanian Persia: The Rise and Fall of an Empire. Publishers.I.B.Tauris.London&New York.2009, p31.

2-A. Shapur, Shahbazi, Bahrm VI Chobin. Encyclopaedia Iranian, Vol. III. Fasc. 5, 1988,pp 514-522.

3- Theophylact, Simocatta, Translated with Introdyction and Notes by Michael and Mary Whitby. OxfordUniversity press, 1986, p136.

4- Parvaneh, pourshariati, Decline and Fall of the Sasanian Empire: The Sasanian - Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran. Publishers, I.B. Tauris. London,2008, pp 75-80. & Nadereh, Naffisi, The Parthian Mehran Family, Key to the Collapse of Sassanid Empire. Journal of Basic and Applied. Scientific Research. 3(3).2013, p944-951.

تورکەکان پاش ئەوەی کە بە هاوکاری ئێران دەولەتی بەهێزی هەپتالیەکانیان- کە قەومێکی نیوە دەشتەکی بوون کە هەر لە سەردەمی دەسەلاتی شاپوری یەکەمەوە بەردەوام سنورەکانت رۆژهەلاتی ئێرانیان بەر ئامانجی هێرشی خۆیان دەدا- لە نێوان سالانی (٥٦٣بۆ٥٦٧ز) لە ناودا و سەرزەمینەکەیان نێوان خۆیان دابەش کرد و بەم جۆرە لەگەل ئێران بوون بە هاوسنور. تورکەکان پاش مردنی خەسرەو بووبوون بە حکومەتێکی بە هێز و حەزێکی زۆریان بە بازرگانی ئاورێشم لەگەل ولاتانی رۆژئاوا بوو بەم پێیە لەگەل بیزەنت بوون بە هاوپەیمان و دژایەتی ئێرانیان کرد.[24]

تورکەکان کە لە سنوری باکوری رۆژهەلات و قراخەکانی روباری جەیحون بوون؛ نوێترین مەترسی بۆ ئێران لە ئەژمار دەدران. خاقانی تورک کە لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بە (شا بە شا) ناوی لێهاتووە سەرەرای ئەوە کە بە دوای پەیوەندی بازرگانی لەگەل بیزەنت بوو؛ بە نیازیش بوو تا ئێران بهێنێتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە. و هەروەها وێرای هەبوونی پەیوەندی خزمایەتی لەگەل هۆرمۆز توانی بووی لە کێشە ناوخۆیەکانی ئێران سودوەرگرێت و تاوەکو سنورەکانی رۆژهەلاتی ئێران واتە هەرات و بادغەیس[25] پێشرەوی بکات.[26] بەم پێیە بۆ بەرگری لەم مەترسیە جدیە بەهرام وەکو فەرماندەی سوپا بۆ روبەروبونەوە لەگەل تورکەکان هەلبژێردرا. بەهرام پێش ئەم جەنگە فەرماندەی سەربازی شاری رەی بوو. دواتر لە لایەن خەسرەو ئەنشیروانەوە وەکو فەرماندەی هێزی سوارە بۆ داگیر کردنی شاری (دارا) لە سالی ٥٧٢ز هەلبژێردرا و هۆرمۆزی چوارەمیش ئەوی کردە سوپابۆد(فەرماندەی هێزی سەربازی) باکوری ئێران کە هەمان شارەکانی رەی و ئازەربایجانە. هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان دا بەدی هاتنی پلە و پایەی سوپابۆدی خۆی خالی دەسپێکی شۆرش و سەربزێوی بوو چونکە پێکهاتەی سوپا و خەرج و تێچوونی ئەم لەشکرە لە خودی ئەیالەتەکە کە لە ژێر کۆنترۆلی سوپابۆد بوو دابین دەکرا نە لە لایەن حکومەتی ناوەندی یان خەزێنەی شایی. و ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ سەربەخۆیی و سەربزێوی. بەهرامی شەشەم یەکێک لە چوار سوپابۆدێک بوو کە بە وەها تایبەتمەندیکەوە فەرماندەیی جەنگ کردن دژ بە تورکەکانی لە ئەستۆوە بوو.[27] هۆرمۆز سەرەرای سپاردنی فەرماندەیی سوپا بە بەهرام، ئەوی لە کاروباری دیوانی و کارگێری سوپا و هەلبژاردنی جۆری کەرەستەکانی جەنگ و هەروەها هێزە سەربازیەکان سەربەست کرد.[28]

بەهرام توانی بە سەر خاقانی تورک و هەروەها کورەکەی بە ناو پەرمودە کە بۆ تۆلەسەندنەوە لە خوێنی باوکی هاتبوو سەرکەوت. بەلام لەمەودوا سەرچاوەکان دەربارەی کات و هۆکار و چۆنێتی شۆرشی بەهرامی شەشەم بیروڕای جیاوازیان هەیە. زۆربەی سەرچاوە ئیسلامیەکان شۆرشی بەهرام پاش جەنگ لەگەل تورکەکان سوکایەتی کردنی هۆرمۆز سەبارەت بە بەهرام دەزانن لە بەر ئەوەی کە بەهرام دەسکەوتەکانی جەنگی بە تەواوی بۆی نەناردبوو. ابن بلخی دەلێت: هۆرمۆز لە بەهرام داوای کرد کە پاش سەرکوتی تورکەکان بەرەو بەرەی رۆژئاوا بروات و لەگەل بیزەنتیەکان شەر بکات. بەلام بەهرام سەرپێچی دەکات بۆیە هۆرمۆز تورە دەبێت و سەبارەت بە بەهرام توندی ئەنوێنێت و کاتێک هەوال دەگاتە بەهرام لە هۆرمۆز رق هەلدەگرێت و سوپاکەی ئاگادار دەکاتەوە کە هۆرمۆز سوکایەتی پێ کردوە

[24] ـ ا.ا، گرانتوسکی و دیگران، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ص170.
[25] ـ لە شارەکانی رۆژهەلاتی ئێران کە ئێستا دەکەونەوە ولاتی ئەفغانستانەوە.
[26] ـ عبدالحسین، زرین کوب، تاریخ مردم ایران قبل از اسلام، تهران، انتشارات امیر کبیر، 1388، ص٥٠٧.
[27] ـ فرانتس، آلتهایم و روت استیل، تاریخ اقتصاد دولت ساسانی، ترجمه هوشنگ صادقی، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، 1382، ص١٦٩.
[28] ـ ابوحنیفه، دینوری، اخبار الطوال، ترجمه محمود مهدوی دامغانی، تهران، نشر نی، 1383، ص108.

بەم پێیە سوپاکەی بەڵێنی پێ دەدەن بیکەن بە پاشا.[29] تیوفیلاکت رق و نەفرەتی هێزێکی نوێ لە هۆرمۆز هۆکاری پاڵپشتی لە بەهرام دەزانێت. ئەویش ئەو کەسانە بوون کە پاش شکست لە جەنگی بیزەنت لە نوسیبەین لە سوریا کۆ بووبونەوە و لە ترسی هەرەشەو تەهدیدەکانی هۆرمۆز لە بۆنەی شکستەوە نەگەرانەوە، بۆیە لایەنی بەهرامیان گرت.[30] سێبووس دەڵێت: بەدگۆمانی و متمانە نەکردن بە یەکتر پەیوەندیەکانی نێوان بەهرام و پاشای تێکدابوو و ئەم گومانە زۆرتر بە بۆنەی دەسکەوتەکان بەدی هاتبوو؛ سێبووس هەندێ زانیاری وردتر دەدات و دەڵێت کە بەهرام برێ لە دەسکەوتەکانی نێوان هێزەکەی خۆی دابەش کرد بە جۆرێک کە داواکاری هۆرمۆز بۆ هەمووی دەسکەوتەکان دژایەتی و نەیاری هەمووی سوپا لە خۆی بەدی هێنا.[31] نووسەرانی دیکە وەکو ریچارد فرای هۆکاری شۆرشی بەهرام ئیرەیی پێ کردنی هۆرمۆز سەبارەت بە سەرکەوتنە سەربازیەکانی دەزانێت و ئەم ئیرەیی کردنە خانەدانەکانیشی پێوە کردبوو بە جۆرێکە بەهرام لە لایەن هەموو خانەدانەکانەوە پالپشتی لێوە کرا و توانی لە سالی ٥٨٩ز بەرەو تەیسەفون لە نزیکەی روباری دیجلە هێرش ببات.[32]

بەلام لە راستیدا شۆرشی بەهرام لە هەر کاتێکدا بووبێت چە پاش جەنگ لەگەل تورکەکان و شکست پێهێنانیان و رادەست نەکردنی تەواوی دەسکەوتەکان بە پاشا هۆرمۆزی چوارەم و چە پاش شکستی نە چەندان گرنگی لە ئەرمینیا و ئەلبانیا لە بەرامبەر سوپای بیزەنت، بەرهەمی رەفتارە توندو تیژەکانی هۆرمۆز سەبارەت بە خانەدانە کۆنەکان و دوری گرتنیان لە بازنەی دەسەلات و هەروەها حەسودی و رق وقینەکانی سەبارەت بە بەهرامی شەشەم بوو. بە جۆرێ کە هۆرمۆز ئەوی بە فێلباز و خەیانەتبار و قەدر نەزان تاوانبار کرد و جل و بەرگ و قایشی ژنانە و تەشی بۆ نارد و پێی وت کە مەکر و قەدر نەزانین عادەتی ژنانە.[33] ئەگەر چی بە رای نۆلدکە مێژوو نووسی ئەلمانی ناردنی تەشی و جل و بەرگی ژنانە لەوانەیە راست نەبێت؛ چونکە ناردنی تەشی و جل و بەرگی ژنانە بۆ تاوانبار کردنی کەسێکی ترسنۆکە نە کەسێکی خەیانەتبار. ترسێک کە سەرچاوگرتوو لە شکستی بەهرام لە بەرامبەر بیزەنتەوە بوو و ئەمەش زۆرتر لە سەرچاوە لاتین و ئەرمەنیەکان دەرکی پێ دەکرێت چونکە سەرچاوە عەرەبیەکان باسێکیان لە جەنگی بەهرام لەگەل بیزەنت نە کردوە.[34] سەرەرای ئەمانە هاندانەکان و دوژمەنیەکان و بەدگۆمانیەکانی دەوروبەریەکانی هۆرمۆز سەبارەت بە بەهرام ئاگری شۆرشەکەی بەهێزتر کرد. یەکێک لەم کەسانە وەزیری هۆرمۆز بوو کە لەگەل بەهرام کەوتبوە رق و کینەوە؛ کاتێک کە بەهرام لە جەنگ دژ بە تورکەکان سەرکەوت ئیرەیی پێ کرد و ئەوی بە خەیانەت کردن تاوانبار کرد کە وادیارە بەهرام زۆربەی دەسکەوتەکانی بۆ خۆی هەلگرتووە و هەروەها پەرمودەش کوری خاقان کە لە کۆشکی هۆرمۆزدا بوو لە بەهرام رەخنەی گرت و وەها کە ئەو مال و ملک و داراییەی کە باوکی هەیبووە زۆرتر لەوە بووە کە لە لایەن بەهرامەوە بۆ پاشا نێردراوە و پاشای دژ بە بەهرام هان دا.[35]

---

[29] - ابن بلخی، فارسنامه، تصحیح گای لسترنج و رینولد آمن نیکلسون، تهران، انتشارات اساطیر،١٣٨٥، ص 98.

3- Theophylact, Simocatta, The History of Theophylact Simocatta, p 138.

4- Sebeos, The Armenian History attributed to sebeos, pp. 168-169.

1-R.N,Frye, The History of Ancient Iran. C.H. Becksche Verlagsbuchhandlung. Munchen, 1984, p335.

[33] - عبدالملک ابن محمد ابن اسماعیل، ثعالبی، غرر الاخبار ملوک الفرس و سیرهم، ترجمه محمد فاضلی، تهران، انتشارات نقره،١٣٦٨، ص٤٢١؛ و دینوری، اخبار الطوال،ص 111.

[34] - تئودور، نولدکه، ایران در زمان عربها و ساسانیان، ترجمه عباس زریاب، تهران، انجمن آثار ملی، ١٣٥٨، ص ٤٢٠.

[35] - ابوالحسین علی ابن حسین، مسعودی، مروج الذهب و معادن الجوهر، ترجمه ابوالقاسم پاینده، ج 1، تهران انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٨٤، ص ٢٢٦؛ و حمدالله، مستوفی، تاریخ گزیده، مصحح عبدالحسین نوایی، تهران، انتشارات امیرکبیر،١٣٦٤، ص91؛ و ثعالبی، غرر الاخبار ملوک الفرس و سیرهم،ص ٤٢١.

لەم کەین و بەینەدا بەهرام توانی پێش شۆرش بە بەکار هێنانی فێڵێک، نێوان هۆرمۆز و کورەکەی تێک بدات؛ تاوەکو بەم کارە بتوانێت لەم دووبەرەکیە نێوان هێزە سەربازیەکانی دەوڵەتی ساسانی بشێوە و ئاڵۆزی بەدی بێنێت و بە ئاسانی بە دەسەلات بگات. بەهرام بە لێدانی دراو لە ژێر ناوی خەسرەو پەروێزەوە و بلاو کردنیان لە شارەکانی ئێران نێوانیان دووبەرەکی دروست کرد. بە جۆرێکە هۆرمۆز گۆمانی نەکرد کە کورەکەی ئەم کارەی کردوە بەم پێیە خەسرەو لە بەرچاوی هۆرمۆز کەوت و بۆ رزگار بوون لە نەفرەت و رق و قینی باوکی و هەروەها لە ترسی گیانی خۆی بەرەو ئازەربایجان جێگایە کە بەشێکی زۆر لە هێزە سەربازیەکان لەوێدا بوون هەلهات.[36] ئەم رەش بینی و بەدگۆمانیە، پاشای لە دەرکردنی هەر جۆر بریارێکی جدی بۆ روبەرو بوونەوە لەگەل کورەکەی رادەگرت. لە لایەکی دیکەوە بەهرام لە دەسپێکی شۆرشەکەیدا بە پشتگیری کردنی خانەدانەکان دلی خۆش کردبوو و ئەگەریشی زۆرە کە لە نارازی بوونی زانا ئایینیەکان ئاگادار بووبێت چونکە ئەوان لە لێبۆردەیی هۆرمۆز سەبارەت بە ئایینەکانی تر بە تایبەتی مەسیحیەکان دلگران بوون.[37] سەرەرای ئەمانە بەهرام لە ناو سوپاکەیدا دژ بە هۆرمۆز پرۆپاگەندەیی دەکرد و هۆرمۆزی بە تورک بوون تاوانبار دەکرد و ئەوی لە رەچەلەکی ساسانیەکان لە قەلەم نەدەدا. ئەم رووداوانە لە دەیەی کۆتایی سەدەی شەشەم رووی ئەدا و زۆر گرنگ بوو کە کسێک کە خۆی لە دەرەوەی بنەمالەی ساسانی بوو هەولی دەدا تاج و تەختی ئیمپراتۆری بە دەست بێنێت. لەم کاتەدا ئەندامەکانی ناو سوپا و لە سەروی هەموویانەوە (بەندوویە و بەستام) خالۆکانی خەسرەو پەروێز هۆرمۆزیان لە دەسەلات لادا و تەنانەت کوێریان کرد و خەسرەویان وەکو پاشا جێنشینی ئەو کرد. بە پێی سەرچاوە عەرەبیەکان لە ناو پاشاکانی ئێران ئەمە یەکەم کەس و ئاخر کەس بوو کە کوێر کرابێت.[38] خەسرەو پەروێزیش سەرەرای بەخشینی کۆمەلێ پۆست و پلە وپایە بە بەهرام وەکو دووەم شەخسی حکومەت لە ولات یان ئێران سوپابۆدی(فەرماندەی هێزی گشتی) نەیتوانی ئەو لە جەنگ کردن پەشیمان بکاتەوە. لە ئاکامدا نزیک رووباری نەهرەوان لە بەرامبەر سوپای بەهرام شکست دێنێت و بەرەو ئیمپراتۆریەتی بیزەنت هەلدێت. تەبەری لاوازی و سستی و دووبەرەکی سوپای ساسانی لە هۆکارەکانی شکستی خەسرەو لە بەهرام دەزانێت.[39] پاش شکستی خەسرەو پەروێز بەهرام دێتە ناو تەیسفوونەوە و خۆی بە شای شاکان دەناسێنیت. و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەردەشێر کوری تازە پێگەیشتووی ساسان کە شوان بووە کورسی دەسەلاتی ئەشکانیەکانی قۆرخ کردوە و ئەو ئێستا دووبارە رێگای راستی لە بەر گرتووە.[40] ئەو توانی زیاتر لە یەک سال لە سەر کورسی دەسەلات وەکو پاشای ساسانی فەرمانرەوایی بکات.

## ئەنجام

شۆرشی بەهرامی شەشەم ئەنجامی راستەخۆی بارودۆخی نالەباری ناوخۆیی و سیاسەتەکان و چاکسازیەکانی خەسرەو ئەنوشیروان و لێنهاتوویی و رەفتارە توند و نەشیاوەکانی هۆرمۆزی چوارەم سەبارەت بەخانەدانە کۆنەکان بوو. بەهرام سەر بە یەکێک لە خانەدانەکانی گەورەی ئەشکانی بوو و ئەم

---

36 - دینوری، اخبار الطوال،ص 112؛ و ابن مسکویه، تجارب الامم، ج 1، ص 189.
37 - زرین کوب، تاریخ مردم ایران قبل از اسلام، ص ۵۰۸.
38 - ابوالحسین علی ابن حسین ، مسعودی، التنبیه و الاشراف ، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، ۱۳٦۵، ص ۹۵؛ و ابن اثیر، تاریخ کامل بزرگ اسلام و ایران، ج ۵، ص۱٤۸.
39 - طبری، تاریخ طبری، ج2، ص 728.
3- Shahbazi, Bahram VI Chobin, Encyclopaedia Iranica, p514-522.

خانەدانانە رۆلێکی بەرچاویان لە بە دەسەلات گەیاندنی ساسانیەکان بوو و هەروەها لە روی سیاسی و ئابوریشەوە جێگایەکی گرنگیان بۆ خۆیان تەرخان کردبوو. بەلام لە سەردەمی خەسرەو ئەنوشیروان گرنگیان پێ نەدرا وئەوانی لە پلە و پایەی خۆیان دورخستەوە. خەسرەوی یەکەم ئەگەرچی بە سیاسەت و زیرەکی خۆی و بە بیانوی سەرکوتی بزوتنەوەی مەزدەکی توانی ئەشراف و خانەدانەکان لە خۆی رازی بکات؛ بەلام دواتر لە سەردەمی جێنشینەکانی ئەم رێبازە کاریگەر نەبوو. ارێزی و سوکایەتی کردنی بە خانەدانەکان و لادانی یەکجاریان لە بازنەی دەسەلات بە جۆرێکە لە چینەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی تەنانەت ئابوریش ریشەیان کۆتابوو هۆرمۆزی بەرەو جەنگێکی ناوخۆیی و شۆرشی بەهرام و لایەنگری خانەدانەکان لەو راکێشا. لە لایەکی دیکەشەوە لە کارەکانی خەسرەو کە دابەش کردنی ولات بە چوار ئەیالەت بە پێی چوار ئاراستە و سپاردنی هەر بەشێک بە سوپابۆدێک بوو قۆناغێک بەرەو سەربزێوی و نافەرمانی بوو؛ چونکە ئەگەرچی سنوری قەلەمرەوی سوپابۆد لە پلە و پایەی ئێران سوپابۆد زۆر کەمتر بوو بەلام لە کردەوەدا دەسەلاتی لەو زۆرتر بوو. چونکە سوپابۆدەکان(فەرماندەی سەربازی) تێچوون و خەرجیەکانی هێزی سەربازی خۆیان نە لە حکومەتی ناوەندی بەلکو لە خۆدی ئەیالەتەکە دابینیان دەکرد و هێزی سەربازی سوپابۆدەکان تەنها گوێرایەلی فەرماندەی خۆیان بوون و لەگەل حکومەتی ناوەندی و شەخسی پاشا هیچ پەیوەندیەکیان نەبوو. هەروەها دلێری و بوێری بەهرامی شەشەم و پێشینەی درەوشانی لە کاری فەرماندەییدا و هەلبژاردنی لە لایەن هۆرمۆزەوە وەکو فەرماندەی گشتی لە بەرامبەر هێرشی تورکەکان و هەروەها سەربەست بوونی لە هەلبژاردنی سوپا بەهرامی بۆ جەنگێکی ناوخۆیی هاندا. ئەو بە سەرکەوتن بە سەر تورکەکان و لەوانەیە دارشتنی بیری شۆرش لە ناو مێشکیدا بە نەناردنی بەشێک لە دەسکەوتەکان بۆ هۆرمۆز بە مەبەستی رازی کردنی سوپاکەی وەکو خالی بەهێزی ئەم شۆرشە بە دوای ئەوەوە بوو تا بتوانێت دووبارە دەسەلات و شکۆی خانەدانکان بە تایبەتی بنەمالەی مێهران کە لەم سالانەدا لاواز بووبوو بە دەست بهێنێتەوە. ئیرەیی بوون و بەد گومانی و سوکایەتیەکانی هۆرمۆز سەبارەت بە بەهرام کە لە روکەشدا لە چوارچێوەی نەناردنی هەموو دەسکەوتەکان خۆی پیشان دەدا بیانوو کەوتە دەست بەهرام تا دژ بە هۆرمۆزی چوارەم و بە گشتی دژ بە دەولەتی ساسانی شۆرش بکات.

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی**

1- آلتهایم، فرانتس و روت استیل(1382)، تاریخ اقتصاد دولت ساسانی، ترجمه هوشنگ صادقی، تهران، علمی و فرهنگی.

2- ابن اثیر(1371)، تاریخ کامل بزرگ اسلام و ایران، ترجمه عباس خلیلی، ابوالقاسم حالت، تهران، موسسه مطبوعات علمی.

3- ابن بلخی (۱۳۸۵)، فارسنامه، تصحیح گای لسترنج و رینولد آلن نیکلسون، تهران، اساطیر.

4- ابن مسکویه،احمد بن علی(13۱۳٦۹)، تجارب الامم، ترجمه ابوالقاسم امامی و علی نقی منزوی، تهران، سروش.

5- بیانی،شیرین(1380)، دین و دولت در عهد ساسانی و چند مقاله ی دیگر، تهران، جامی.

6- پیگولوسکایا،نینا ویکتورونا و دیگران(1353)، تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی، ترجمه کریم کشاورز، تهران، پیام.

7- ثعالبی،عبدالملک بن محمد بن اسماعیل(1368)، غرر الاخبارملوک الفرس و سیرهم، ترجمه محمد فاضلی، تهران، نقره.
8- دیاکونوف،م.م(1380)، تاریخ ایران باستان، ترجمه روحی ارباب، تهران، علمی و فرهنگی.
9- دینوری، ابوحنیفه(1383)، اخبار الطوال، ترجمه محمود مهدوی دامغانی، تهران، نی.
10- راوندی، مرتضی(1382)، تاریخ اجتماعی ایران، تهران، نگاه.
11- زرین کوب، عبدالحسین(1388)، تاریخ مردم ایران قبل از اسلام، تهران، امیرکبیر.
12- طبری، محمد بن جریر(137137۱۳۷۵)، تاریخ طبری، ترجمه ابوالقاسم پاینده، ج2، تهران، اساطیر.
13- کجباف، علی اکبر و دیگران(۱۳۹٤) نقش خاندان مهران در تحولات سیاسی ایران در دوره ساسانیان، تهران، دوفصلنامه پژوهش نامه تاریخهای محلی ایران، سال سوم، شماره دوم.
14- کریستن سن، آرتور131(۱۳۱٤)، وضع ملت و دولت و دربار در دوره ی شاهنشاهی ساسانیان، ترجمه مجتبی مینوی، تهران، کمیسیون معارف.
15- ------------(1368)، ایران در زمان ساسانیان، ترجمه رشید یاسمی، تهران، دنیای کتاب.
16- کولسنیکوف،آ. ای(2537)، ایران در آستانه یورش تازیان، ترجمه م. ر. یحیایی، تهران، آگاه.
17- گرانتوسکی، ا. آ و دیگران(1359)، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه کیخسرو کشاورزی، تهران، پویش.
18- مستوفی، حمدالله(1364)، تاریخ گزیده، مصحح عبدالحسین نوایی، تهران، امیرکبیر.
19- مسعودی، ابوالحسن علی بن حسین(۱۳۷٤)، مروج الذهب و معادن الجوهر، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران، علمی و فرهنگی.
20- --------------- (۱۳٦٥)التنبیه و الاشراف، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران، علمی و فرهنگی.
21- ملایری، محمد مهدی(1379)، تاریخ و فرهنگ ایران در دوران انتقال از عصر ساسانی به عصر اسلامی، تهران، توس.
22- نولدکه، تئودور(1358)، ایران در زمان عربها و ساسانیان، ترجمه عباس زریاب، تهران، انجمن آثار ملی.

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1- Daryaee,T.(2009). Sasanian Persia:The Rise and Fall of an Empire. Publishers. I.B. Tauris. London & New York.
2- -------------(2008). The Political History of Iranshahr(224-651 CE). sasanika2.
3- Frye, R.N.(1984). The History of Ancient Iran. C.H. Becksche Verlagsbuchhandlung. Munchen.
4- -------------(1983). The Political History of Iran under the Sasanian. From Cambridge History of Iran. ed. E. Yarshater, Vol.3(1).pp. 116-180.
5- Ghirshman, R.(1978). Iran from the Earliest Times to the Islamic Conquest. Penguin Books. Paris.
6- Nafisi,Nadereh.(2013). The Parthian Mehran Family, Key to the Collapse of Sassanid Empire. Journal of Basic and Applied. Scientific Research. 3(3). 944-951.
7- Montazeri, Omid.(2015). Investigation the Condition of Iranian Christians during of Khosrow II the King of Sassanian. Journal of Advances in Natural and Applied Sciences. 9(8). pp. 84-87.
8- Pourshariati, Parvaneh.(2008). Decline and Fall of the Sasanian Empire: The Sasanian-Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran. Publishers. I.B. Tauris. London.

9- Shahbazi,A.Shapur.(1988). Bahram VI Chobin. Encyclopaedia Iranica. Vol. III. Fasc. 5. pp. 514-522.

10- Sebeos.(1998). The Armenian History attributed to Sebeos. Translated and Notes by R.W. Thomson. Historical commentary by J. Howard-Johnston. Assistance from Tim Greenwood. 2 vols. Liverpool University Press.

11-Simocatta,Theophylact.(1986).The History of Theophylact Simocatta. Translated with Introduction and Notes by Michael and Mary Whitby. Oxford University press.

12- Tafazzoli,Ahmad.(2000).Sasanian Society. Ehsan Yarshater Distinguished Lecture in Iranian Studies. Bibliotheca persica press. New York.

13- Wiesehofer,Josef.(1996). Ancient Persia from 550 BC to 650 AD. Translated by Azizeh Azody. I.B. Tauris publishers. London & New York.